سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتە شاری هەولێر و لێگەڵ گەورە بەرپرسەکانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە

سەرلەبەیانی ئەمڕۆ چوارشەممە، مەحەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق گەیشتە شاری هەولێر و لێلایەن مەسرور بارزانی پێشوازی لێکرا.

سەردانەکەی ئەمڕۆی سودانی لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی فیدراڵە بۆ مەبەستی دڵنەوایی چارەسەر بۆ ئەو پرسانەی کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی هەیە.

هەروەها سەرۆک وەزیرانی عێراق هەر ئەمڕۆ لێگەڵ سەرکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەسعود بارزانی، و سەرکەی هەرێم نێچیرڤان بارزانی و حکومەت مەسرور بارزانی کۆدەبێتەوە.

پێشبینیدەکرێت لەم کۆبوونەوانەدا تیشک بخرێتەسەر چوار کە بریتین لە، تاوتوێکردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دوای هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەتایبەت پرسەکانی؛ سەرژمێری، بودجە و مووچە، دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان و کێشەی زۆیوزاری جووتیارانی کورد لە کەرکووک و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، لێگەڵ تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوچەکە دوای هەڵبژاردنەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ سەرکەی ئەمریکا.

هاوکات مەحەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق دوای سەردانەکەی بۆ هەولێر، بەیارە لە

پارێزگای سلێمانیش لەگەڵ بافڵ تاڵەبانی سەرکی یەکێتیی و شاسوار عەبدولـواحید سەرکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ کەبەتەوە.